وەتسئەپ خزمەتگوزاریەکی نوێ پێشکێش بە بەکارهێنەرانی دەکات لە ماوەی داهاتوودا

وەتسئەپ خزمەتگوزاریەکی نوێ پێشکێش بە بەکارهێنەرانی دەکات.

دامەزرێنەری کۆمپانیای مێتا رایگەیاند، تایبەتمەندی بەشکردنی شاشە "screen Share" بە ئەپی وەتسئەپ زیاد دەکەن، وتیشی، " لەماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا تایبەتمەندییەکە بە بەکارهێنەران کارا دەبێت".

ئەمە چوارشەممە، مارک زەکەبەرگ دامەزرێنەری کۆمپانیای مێتا لە هێژماری تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام بڵاویکردەوە، "تایبەتمەندی بەشکردنی شاشە لەکاتی پێیوەندی ڤیدیۆیی لە وەتسئەپ بە بەکارهێنەران زیاد دەکەن".

ئاماژەی بۆکرد، پێویستە بەکارهێنەران پێیوەندی ڤیدیۆیی لەگەڵ کەسێک یان زیاتر دەستپێبکەن و پاشان کلیک لەسەر ئایکۆنی نوێی "screen share" بکەن.

دواتر، بەکارهێنەران بگوێرەی ویستی خۆیان دەتوانن ئەپێک یان تەواوی شاشەکەیان لەگەڵ هەموو بەشداربوانی پێیوەندییەکە هاوبەشی پێبکەن و ئایکۆنی ڤیدیۆکانیان لەلای راستی شاشەکەدا دەمێنێتەوە.